# پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە قۆناغی دووڕیانی چارەنووسدا(گەمەکە ئاشکرایە: هەوڵەکە بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێمە)

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ستراتیژییەتی ئێستای بەغدا دەرهەق بە هەرێم**

لە ناونیشانەکەدا ڕاشکاوانە ئاماژەمان پێ دا، ئەو گەمەی بەغدا بەرانبەر هەرێم دەیکا ئاشکرایە؛ مەبەست لێی نەهێشتنی هەرێمە، ئەوەی کە تا ئێستا دەستی کردووە بۆ هێرشهێنان دژ بە هەرێم، سێ فاکتەری سەرەکیین: هەرێم واقعێکی دستوورییە و حکوومەتی هەرێمیش بەو دەستوورەوە پابەندە و تا ئێستاش دەستووری هەمیشەیی هەر وەک خۆی کە لەلایەن گەلی عیراقەوە پەسەند کراوە لە 2005 بەرکارە. دووەم پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێم، سێیەم قۆناغەکە ئەو بەریەککەوتن و شەڕە ناخوازێ لەنێوان هەرێم و بەغدا ئەوەش تەنها لەسەر کات وەستاوە و هیچی تر، چونکە لە کاتی خۆیدا بەغدا پاساو دێنێتەوە و لەو شەڕە دژ بە هەرێم دوودڵ نییە. بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە لەو بارەیەوە ئەوەیە: ئایا بەغدا ئێستا پەیڕەوی کام جۆر و شێواز لە سیاسەت دەرهەق بە هەرێم دەکات؟ ئایا لە ڕوانگەی واقعە دەستوورییەکەوەیە، یان ئەجێندایەکی بیانی و ناوخۆیی تایبەتە؟ وەڵامی دووەمیان دروستە، بەوەی سیاسەتەکە بەپێی ئەجێندایەکی بیانییە بۆ نەهێشتنی هەرێم. ئەدی جۆر و شێوازەکەی چییە؟ بۆ ئەو مەبەستە بەغدا – ئێران جەخت لەسەر چەند تەوەرێک دەکەنەوە، لەوانەیش:

- پیادەکردنی سیاسەتی نەگەیشتنە ئەنجام یان ڕێککەوتن؛ بەڵکوو سەپاندنی مەرج و داواکاریی بەغدا بەسەر هەرێمدا؛ ئەوەی هەیشە لە ڕێککەوتنەکان بەهۆی بوونی دەستوورەوەیە، دەنا ئەوەیشیان نەدەدا.
- سیاسەتی ماندووکردن؛ تا هەرێم لە ئاکامدا خۆی بەدەستەوە بدا، یان بارودۆخەکە لە ناوخۆی هەرێم بتەقێتەوە. ڕوخساری ئەو سیاسەتەیش: هیچ ئارەزوویەکیان بۆ ڕێککەوتن نییە، زۆرکردنی دانیشتنەکانی دانوستان، خستنەڕووی داواکاریی نوێ، زەمەن درێژکردنەوە، بیانووهێنانەوە لە هەموو شتێکدا، جیاوازبوون لەسەر هەموو کایەکان و هتد. ڕەگەزەکانی ئەو سیاسەتی ماندووکردنەیش سیانن: ئەجێندایەکی شاراوەی ناوخۆیی و بیانییە کە ناکرێ ئاشکرا بکرێ، لەسەر فێڵ بنیات نراوە، لە ڕووکاریشدا باس لە بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوکاریی نیشتمانی

دەکات.

- سیاسەتی پەرتکردن؛ ئەمەیش جەخت لەسەر جیاوازییە سیاسییەکانی ناوماڵی کوردستانی دەکات و وەبەرهێنانیان تێدا کردووە؛ کەم تا زۆر دەستکەوتیشیان هەبووە.
- نانەوەی ئاشوب؛ تا ئەو قۆناغەی هەرێم سیستەمی ئاسایشی تێک دەچێ و بوار بۆ دەستێوەردانی حکوومەتی فیدراڵ دێتە ئاراوە، بەڵام ئەوکات بە یارمەتیی یەکێک لە لایەنەکانی هەرێم دەبێ و، هەر ئەو لایەنەیش دەکرێتە سووری بەر لەشکر بۆ ماوەیەک؛ دواتر هەمان واقعی شازدەی ئۆکتۆبەر دووبارە دەبێتەوە.
- کۆتا قۆناغ، زاڵبوونە بەسەر واقعی سیاسی و دەستووریی هەرێمی کوردستان. ئەودەمیش دەستوور زۆر بەئاسانی دەگۆڕن و هەرێم و ماددەی سەد و چل بوونیان نامێنێ و دیمۆگرافیا دەگۆڕێ و سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەمەزهەبکردنیش نەک هەر لە شارەکانی هەرێم، بەڵکوو تا ئەوپەڕی سەرسنوور دەکشێ.

**ئایا چی بەر بەو سیاسەتەی گرتووە تا ئێستا؟** وەڵامەکەی: زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی هەرێم- بێجگە لە دوو لایەن نەبێ کە دیارە کێن- لە کاتی ڕیفراندۆم و ئێستایش لەگەڵ مانەوەی هەرێم و یەکڕیزین؛ بارودۆخی بێسەروبەر و پەرێشانی عێراق. پشتیوانیی نێودەوڵەتی، جەختکردنەوەی هەرێم لەسەر شایستە دەستوورییەکان و پابەندبوون پێیەوە، بارودۆخی ناسەقامگیری ناوچەکە (بەتایبەت لە نێوان ئێران و ئەمریکا)، هەڵوێستی پشتیوانیی تورکیا بۆ هەرێم.

**سیناریۆکانی بەغدا دەرهەق بە هەرێم سیانن:** لەباربردنی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوە بۆ سیستەمی پارێزگاکان، مانەوەی هەرێم بەڵام سەد و هەشتا نمرە جیاواز لەگەڵ ئەو هەرێمەی کە ئێستا هەیە (واتە مانەوەی هەرێم بە زەینییەتێکی دەوڵەتی مەرکەزی کە ئەوەیش پێویست بە گۆڕینی دەستوور دەکات)، سیناریۆی سێیەم سەرلەنوێ دروستکردنی شەڕی ناوخۆ یان قووڵکردنەوەی جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی تا ئاستی لێکترازان و دابەشکردنی هەرێم بەسەر دوو ئۆتۆنۆمیی سەربەخۆی کارگێڕی و نەهێشتنی ئەو هەرێمەی کە ئێستا هەیە... ئەوەی کە زیاتر ئێران گرنگیی پێ دەدا، تێکەڵەیەکە لە هەرسێکیان بە مەبەستی سەرخستنی سیناریۆی سێیەم، چونکە ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە گەڕانەوە بۆ سیستەمی بەپارێزگاکردنی هەرێم کارێکی زۆر قورسە و، تەنیا بە پەیڕەوکردنی دیکتاتۆرییەت دەکرێ. ئەوەیش ئاژاوەی سەرتاسەریی وڵاتی بەدواوەیە.

**ئامرازەکانی گوشار لەلایەن بەغداوە دەرهەق بە هەرێم**

بۆ سەرخستنی ئەو سیاسەتە، بەغدا هانا بۆ بەگەڕخستنی هەندێ ئامراز دەبات لە هەرێم و ناوچەکە، لەوانە:

1. ئەوپەڕی گوشارخستنە سەر هەرێم لە ڕێگەی سێ وەزارەتەوە: نەوت، پلاندانان، دارایی، کە هەرسێکیان لەژێر هەژموونی "مالیکی"دان و بە ڕێنوێنیی ئەویش دەجووڵێن.
2. پەرلەمانی عێراق؛ تا هیچ پرۆژەیاسایەک تێ نەپەڕێ کە لە بەرژەوەندیی هەرێم بێت.
3. دادگەی دەستووری؛ تا هەرێم پەناگەیەک بەدی نەکات، هانای بۆ بەرێت.
4. یەکێتیی نیشتمانی و جووڵانەوەی نەوەی نوێ و هەندێ کەسایەتی و پەرلەمانتار؛ کە هەردووکیان پەرچەکرداری ململانێی سیاسییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە و، مەبەستیانە

هەرچییان کردووە لە هەژموونی کەم بکەنەوە. لای ئەو دوو لایەنەیش ئەو هاوکێشەیە دروست بووە کە لێدان و لەباربردنی هەرێم، واتە لەناوچوون و کەمکردنەوەی هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەلایەن بەغداشەوە هەموو کارئاسانییەکیان لەو بارەیەوە بۆ دەکرێ.

5. ئێران؛ ئەوەیش بابەتێکی نوێ نییە و تا ئاستی مووشەکبارانکردنی پایەختی هەرێم گرژییەکان لەگەڵیدا هەڵکشان.
6. پەکەکە؛ ئەویش لە پێناو بەردەوامیی ناسەقامگیری لە هەندێ ناوچەی هەرێم وەک سلێمانی و سەرسنوورەکانی تورکیا و ئێران و شەنگال و مەخموور.
7. گەمارۆخستنە سەر هەرێم لە چەندان بواردا؛ هاوردەنەکردنی نەوتی هەرێم، ئاسانکارینەکردن بۆ هاتنی سووتەمەنی لە ناوچەکانی عێراقەوە بۆ هەرێم و بوارەکانی تری وەبەرهێنان، تا جووتیارانی هەرێم لە بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق سوودمەند نەبن؛ ئەمە سەرەڕای هێڵی گەشەپێدان کە پلانی داچۆڕاندنی هەرێمی لەدواوەیە لە تەواوی جووڵە بازرگانییەکانی لەگەڵ تورکیا.
8. ڕاگەیاندن و ڕای گشتی؛ هەنووکە لە هەموو ساتەکان زیاتر وەختێتی، چونکە زەمینە لەبارە بەهۆی هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە، کە ئامانج تێیدا وێناکردنی هەرێمی کوردستانە بەوەی کە هەڕەشەی ڕاستەقینەیە لەسەر یەکپارچەیی عێراق و هۆکاری دەستتێوەردانە دەرەکییەکانە و دەستیشی هەیە لە ئاژاوەی ناوخۆ و بەهەدەردانی سامانی وڵات.
9. گوشارخستنە سەر کۆمپانیاکانی نەوت؛ ئەوانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ هەرێمدا هەیە، تا لە پێناو بەردەوامبوونیان لە بواری وەبەرهێنانی وزە، ڕوو بکەنە بەغدا.

**دواتر پێویستە ئەوە بپرسین: ئایا هەرێم لە بەرامبەردا لە ڕووی کردەیی و دەستوورییەوە چیی پێ دەکرێ؟** (ئەویش لە پێناو ئەوەی تا نەخشەڕێگەیەکی دروستی بۆ سیاسەت هەبێ و گوشارەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و هاوسەنگییش بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق بگێڕێتەوە، لە ئاکامیشدا خۆی لێیان سوودمەند دەبێ.) هەر بۆیە هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕەوتە لە سیاسەتی هەندێ لایەنی عێراقی سەر بە ئێران، **دەتوانێ لە ڕووی کردەییەوە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێ**، یان بەردەوام بێ لەسەریان، لەوانەیش:

”بەردەوامبوون لە جووڵەی دیپلۆماسیی هەمەلایەنە و گشتگیر، جەختکردنەوە لەسەر یەکڕیزی و هەوڵدان بۆ پەرتنەبوونی ناوخۆ لەوە زیاتر (هەرچەندە دوو لایەنی بەرچاوی پرۆسەی سیاسیی هەرێم، پاڵیان داوەتە بەغدا و دژ بە هەرێم وەستاونەتەوە)، بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و زیاتر لێکنزیکبوونەوە تا گرفتەکان چارەسەر ببن، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم لە شوباتی 2024، پابەندبوون بە بوودجەوە تا بیانوو نەدرێتە بەغدا لەلایەن هەرێمەوە بۆ گرفتنانەوە و نەناردنی بەشە بوودجەی هەێم، بەردەوامبوون و بەدەمەوەچوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و فراوانکردنی، بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، گرنگیدان بە سوننە، نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە تێگەیشتنیان هەیە بۆ ماف و شایستە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێم، پێشوەختە بیرکردنەوە لە هاوکێشە و گرفتەکان، گرنگیدان و ئامادەکردنی یاسای نەوت و غاز بەپێی دەستوور (چونکە ئەو ئەنجومەنەی پێشنیار کراوە، هیچ لە سوودی هەرێم نییە)، بەردەوام ناردنی شاندی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان بۆ بەغدا بە سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، **بەئاگامگەیاندنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستان، بەشدارپێکردنی لایەنەکانی تر لە هاوکێشە سیاسی و حوکمدارییەکانی هەرێم بەدەر لە ئەنجامەکانی**

**هەڵبژاردن (ئەمەیش بە هەنگاوێک هاتنەدواوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی دەکرێ، تا پانتاییەک بۆ لایەنەکانی تر بەدی بێت)، هێنانەکایەی سیاسەتی تەوافوقی لە هەرێمی کوردستان (بەڵام نەک دووجەمسەری بەڵکوو ئەم جارە، دەبێ فرەجەمسەری بێت تا هەمووان خۆیان بە خاوەن هاوکێشە سیاسییەکان بزانن و پشت لە حکوومەتی هەرێم نەکەن)**، گوشارنەخستنە سەر یەکێتیی نیشتمانی (چونکە هەواگۆڕکێکەی لە بەغداوە دەردەچێ نەک لە پرۆسەی دیموکراسیی هەرێم)، لەمەودوا کارکردن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دەبێ بەبەرامبەر بێت (بەتایبەتیش دەبێ لایەنی یاسایی، پێش ڕێککەوتن بخرێ نەک بەپێچەوانەوە چونکە ئەوەی گوزەرا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە دوای ڕێککەوتنەکان فێڵ لە کورد کراوە و پابەند نەبوون بە ڕێککەوتنەکانەوە). لە کۆتاییدا دەبێ سەرکردایەتیی کورد لە هەرێم لەوە تێ بگا: "ململانێ و جەنگەکە لە دژی هەرێم هەمەلایەنە و گشتگیرە و بەردەوامیش دەبێت تا لەباربردنی هەرێم."

بەڵام **لە ڕووی دەستوورییەوە هەرێمی کوردستان دەرفەت و بوارەکانی کەمترن**، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە: لایەنە عێراقییەکان هیچ نییەتێکیان نییە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، بەڵکوو ڕژدن لەسەر هەوڵەکانیان بۆ هەموارکردنی، دامەزراوەیەکیش نییە کە بێلایەنانە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا یەکلایی بکاتەوە و پێشوەختە سەنگەری لە هەرێم گرتووە؛ بۆ زانین و تێگەیشتن لە هەندێ چەمکی دژواری دەستووریش هەر بە هەمان شێوە، بەوەی کێ شرۆڤەیان دەکات؟ **تا ئێستا دادگەی دەستووریی باڵا سەلماندوویەتی کە لایەنگیرە بۆ ڕەوتێکی دیاریکراوی سیاسی و مەزهەبیی ناو عێراق...** ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ هەرێم لەسەر ئاستی دەستووری جێبەجێی بکات، ئەوەیە کە: جەختکردنەوە لەسەر دەستوور کە تەنیا بەڵگەی یاساییە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان تا لە بەردەم ڕای گشتیی عێراقی و نێودەوڵەتی بیسەلمێنێ کە تەنیا ئەوە لە عێراق دەستووری لا مەبەستە و داوای جێبەجێکردنی دەکات (هەر ئەویشە لە عێراق بە ناوی دەستوور و نیشتمانپەروەرییەوە ستەمی لێ دەکرێ)، بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لە دادگەی باڵای فیدراڵی سەبارەت بە هەموو ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانەی کە دەرهەق بە هەرێم دەکرێن (گەرچی قەناعەتێکیش هەیە سەبارەت بەوەی کە هیچ کات دادگەی فیدراڵی لە سوودی هەرێم بڕیاری نەداوە؛ لەوانەیە هەندێک بپرسن ئەدی ئەوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی سەرەتای مانگی هەشت چی بوون؟ ئەوانە شتی بەڵگەنەویست بوون کە هەر دەبوایە لە بوودجەدا نەبوایە و بە ڕۆژی ڕووناک نادەستووری بوون و پێشتریش هەمووان لە هەرێم دەنگیان بەرز کردەوە و وتیان ئەوانە نادەستوورین و چەندان مادده و بڕگەی تریش، بەڵام کەس نەیبیست و دادگەی باڵای فیدراڵییش سەرەڕای ئەوەی هەرێم داوایشی بەرز کردەوە، بەڵام لە سوودی هەرێم بڕیاری نەدا، کە لە هەمان کاتدا نادەستوورییەکی ئاشکران. لە لایەکی ترەوە دەکرێ لەو بارەیەوە هەرێم دادگەی فیدراڵی پشتگوێ نەخات و جارێکی دی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵیدا ڕێک بخاتەوە. پێویستە زۆر جەخت لەسەر پرەنسیپی فیدراڵییەت بکرێتەوە و تەواوی پۆستە فیدراڵییەکان کە لە پشکی کوردن پڕ بکرێنەوە، چونکە سەرانی بەغدا بە فیدراڵییەت زۆر قەڵسن و، هەوڵ درا لە یاسای بوودجەدا دواهەمین فاتیحە لەسەر تەڵقینەکەی دابدەن و جاڕی مەرگی فیدراڵییەتیان دا.

**مشتومڕ (جەدەلییەتێک)ی دی ئەوەیە کە ئایا حکوومەتی هەرێم چۆن دەتوانێ لەو گوژمە گوشارانە کەم بکاتەوە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە؟** لە دووتوێی ئەمەوە، دەبێ لەسەر هەرسێ ئاستەکە ئاماژە بدەین.

**لەسەر ئاستی ناوخۆ**

لەو بارەیەوە دەکرێ جەخت لەسەر چەند ڕەهەندێک بکرێتەوە، تا کاریگەریی گوشارەکان کەم بکرێنەوە، لەوانەیش: **بەرزکردنەوەی ئاستی تەوافوقی سیاسی، جەختکردنەوە و کارکردنی کردەیی بۆ یەکڕیزی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ناوخۆ چڕتر بکرێنەوە و هەوڵ بدرێ ئاکامێکی ئەرێنییان لێ بکەوێتەوە، سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی و بکرێتە سەنگی مەحەک بۆ حوکمڕانیی هەرێم و، دوورکەوتنەوە لە لۆژیکی هێز، گوشارنەخستنە سەر یەکێتیی نیشتمانی تا دەستێوەردانەکانی بەغدا کەمتر ببنەوە**، جێبەجێکردنی یاسای بوودجە؛ دەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی هەنگاوێک لە حوکمڕانی بچنە دواوە تا جۆرێک لە تەوافوقی سیاسی دروست ببێ و ئاستی ململانێی سیاسیی نێوان ئەو دوو لایەنە سووک ببێ.

**لەسەر ئاستی عێراق**

بژاردەکان کەمترن بە بەراورد لەگەڵ ناوچەیی و ناوخۆ، چونکە ئەوەی کە کاریگەرە لەناو حکوومەت و پەرلەمانی عێراقی، ڕای دژیان بەرامبەر هەرێم هەیە و چەندان جومگەی سەرەکیی دەسەڵاتیشیان لایە، بەتایبەت مالیکی و عەسائیبی ئەهلی هەق؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە زۆرێک لە سەرکردایەتیی کورد بێئومێد بووبن یان لەگەڵ سەرانی بەغدا هەماهەنگ بن. هەر بۆیە لەو بارەیەوە پانتاییەک بۆ کار و پەیوەندی لە بەغدا ماوە، کە دەکرێ هەندێ جووڵەی کاریگەری سیاسیی تێدا بکرێ، وەک: هێشتنەوەی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ خودی حکوومەتی عێراقی (هەرچەندە تەواوی ڕایەڵەکان لە چنگی ئەودا نییە، بەڵام وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە)، هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕایەڵەیەک لەگەڵ میدیا و دەستەبژێری عێراقی و پێگەیاندنی پەیامی حکوومەتی هەرێم پێیان، گرنگیدان بە تیمە تەکنیکییەکان کە دەنێردرێنە بەغدا بۆ چارەسەری دۆسیە ناکۆکەکان (بەوەی هەرچی دەکرێ تیمەکان پرۆفیشناڵ بن، چونکە کەسایەتییە سیاسییەکان ناتوانن قسە لەبارەی تەواوی دۆسیەکانەوە بکەن)، زیاتر ئەکتیڤکردنی بەرپرسانی کورد لە بەغدا تا ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییيان دەرهەق بە هەرێم بەجێ بگەیەنن (چونکە ئەوان نوێنەری خەڵکی کوردستانن)، دروستکردنی ڕایەڵەی تایبەت لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دۆستی گەلی کوردن و لە مافەکانی کورد تێ دەگەن، لەگەڵ ئەو لایەنانەیش کە دژن تا لەو نێوەندەوە پەیوەندییەکی ئەرێنی بێتە کایەوە و دواجار ڕای گشتیی عێراقی تێ بگا، کە ئەوە هەرێمە بە چارەسەرە ئاشتییەکان ڕازییە و، ڕکابەرەکەیانە کە نیازی لەباربردنی هەرێمەکەیانی هەیە...؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ڕەوتەکانی سەر بە ئێران سەرلەنوێ ڕێک بخرێنەوە، چونکە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەژێر ڕەحمەتی ئەواندایە و هەر ئەوانیشن بە پشتیوانیی ئێران ئاراستەی دەکەن. کۆتا ڕەهەند لەسەر ئاستی عێراق کە دەبێ جارێکی دیکە تێی بڕوانین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، "ڕەوتی سەدر"ە؛ هاتنەوەی بۆ ناو سیاسەت نزیک بۆتەوە، بەتایبەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، کە هەم وەک پشتیوانی و هەم وەک هۆکاری گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ عێراق، پێویستە.

**ئایا دەکرێ هەرێم کار لەسەر گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ عێراق بکات؟**

بەڵێ دەکرێ، بەڵام کارێکی ئاسان نییە، چونکە پرۆسەی سیاسیی عێراقی 2023 زۆر جیاوازە لەوەی ساڵی 2003. ئێستا هەر هەوڵێک لەو بارەیەوە بدرێ، زۆرینە دژایەتیی دەکات و بە سیاسەتی پەرتەوازە بۆ نیشتمان ئەژمار دەکرێ. بەڵام تا ئێستا هەندێ ڕایەڵەی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی ئەو هاوسەنگییە ماون،

چونکە عێراق بەبێ هاوسەنگی، هەمیشە بەرەو دیکتاتۆرییەت سەری کێشاوە؛ ئەوەی ئەم جارەیش نەک هەر دیکتاتۆرییەت بەرهەم دێنێ، بەڵکوو ڕوخسارێکی تری مەترسیداریشی بۆ زیاد دەبێ، کە ئەویش "دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی"یە و هێزێکی ئایینیی مەزهەبی دەیپارێزێ؛ بەڵام تا هەنووکە عێراقییەکان تەسلیم بەو واقعە نەبوون. هەر بۆیە دەکرێ چەند بنەمایەکی کار بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی ئاماژە پێ بدرێ کە لە ئاکامدا هەرێم لێی سوودمەند دەبێت و عێراقیش سەقامگیرتر. لەوانەیش:

- جارێکی تر گەڕانەوە بۆ سیاسەتی تەوافوقی؛ **بەڵام بە دوو ڕەگەزی سەرەکییەوە: فیدراڵییەت و سەروەریی دەستوور.**
- پێویستە کورد و سوننە ئەو پەیامە بە ڕای گشتیی عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بدەن، کە ستەمیان لێ کراوە و پەراوێز خراون و، وڵات بەرەو عەسکەرتارییەتی پێشوو مل دەنێ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەیشەرعێنن.
- پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان؛ بەتایبەت ئەوانەی کە لە شایستە دەستوورییەکانی هەرێم تێ دەگەن و دژی نین و، هەندێ جاریش پشتیوانیی لێ دەکەن.
- گرنگیدان بە سوننەکانی هەر چوار پارێزگای مووسڵ، کەرکووک، دیالە و سەڵاحەددین؛ چونکە ئەوانە هەم پشتێنەی ئەمنین و هەم بۆ هاوسەنگییش پێویستن.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ سوننە لەسەر ئاستی عێراق؛ بەڵام بە جۆرێک کە وەک بەرە دژ بە شیعە سەرنج نەدرێ و، پێویستە قەناعەتیان پێ بهێنرێ و ڕازی بکرێن کە هەوڵ بدەن و جەخت لەسەر پڕەنسیپی فیدراڵییەت بۆ ناوچە سوننەنشینەکان بکەنەوە؛ چونکە تاکە هۆکاری مانەوە و پاراستنیان لە عێراق، فیدراڵییەتە.
- هەماهەنگییەکی نەرم لەگەڵ ڕەوتی سەدر لەو چوار پارێزگایەی کە ئاماژەمان پێ دان، بۆ ئەوەی شانس بدرێ بە هەندێ لایەن تا لە هەڵبژاردن سەر کەون و سوودبەخش بن بۆ ئاییندەی عێراق و ڕێگرتن لە هەندێ لایەن کە وڵات بەرەو دیکتاتۆرییەت و پەراوێزخستنی ئەوانی دی دەبەن.

**لەسەر ئاستی ناوچەیی**

بەردەوامبوونی ڕایەڵەی پەیوەندیی دەرەوە و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگن؛ هەر ئەوەیشە کە ئەم هەرێمەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەزیندوویی هێشتۆتەوە. ئەمە بوارێکی گرنگە و، دەبێ حکوومەتی هەرێم ئەجێندایەکی تایبەتی لەو بارەیەوە هەبێ، لەوانەیش:

- جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی دەرەوە؛ تا لە ڕێگەیانەوە دۆستەکان زۆرتر بکرێن و نێوبژیکارانیش زیاتر بن.
- بیرکردنەوە لەوەی کە پێویستە جارێکی تر چاو بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بخشێنینەوە؛ چونکە کاریگەرترین دەوڵەتی ناوچەکەیە لەسەر پرسی کورد، بەتایبەت لە عێراق؛ چونکە هەر ئەوە کە پرۆسەی سیاسیی عێراق ئاڕاستە دەکات.
- تورکیا بۆ هەرێم خاڵی جیاکەرەوەی هاوکێشەکانی ململانێی عێراقە؛ کورد زۆر پێویستیی بە تورکیا هەیە. چەند پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم بەهێز بێت، ئەوەندەیش پێگەی هەرێم دەچێتە ئاستێکی باشترەوە و پشتیوانییشی بۆ پەیدا دەبێت و، لەوێیشەوە دەگاتە بازاڕەکانی جیهان و ناوەندەکانی بڕیاردروستکردنی ئەورووپا و ئەمریکا. باشترین هەنگاویش کە دەبێ گرنگیی پێ

بدرێ، سەرلەنوێ هەناردەکردنەوەی نەوتە لە تورکیاوە، کە ئەمەیش گرنگییەکی زۆری هەیە و مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێ.

- دەوڵەتانی کەنداو ڕۆڵێکی گرنگ و میحوەرییان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیا بەگشتی، بەتایبەت دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل؛ هەر لەوانەیشەوە کاریگەری و ڕایەڵەکان لای دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمریکا پتەوتر دەبن. هەر بۆیە لەو نێوەندەوە پێویست بە جووڵەیەکی کاریگەر هەیە.
- لەسەر ئاستی ناوچەکە، دەبێ ئەو پەیامە بە دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەوروپا بگات کە سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ یەکلانەبوونەوەی پرسی کورد مەحاڵە و ئاستی ئاژاوە و پشێوی هەڵدەکشێ؛ بەتایبەتتر ئەگەر حکوومەتی هەرێم ئەو ڕۆڵە ئەرێنییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەی کە هەیەتی لەبار ببردرێ، تەواوی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە مەترسی و ئاژاوەوە و، مەترسیی هەڵکشانی ڕەوتەکانی دژبە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ئەوروپا و تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکا لە ئارادایە.
- سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی کە لە خولگەی ئێرانیدان؛ چونکە مەرج نییە هەموویان دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەرێم بن، بەڵکوو دەکرێ لەسەر هەندێ دۆسیەی چارەنووسساز بۆ وڵات لەگەڵیان ڕێک بکەون.

## ئایا عێراق تا کوێ دەتوانێ گوشار لە حکوومەتی هەرێم بکات؟

ئێمە ناتوانین عێراق وەک یەک کوتلە ئەژمار بکەین؛ هەرێم ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی کرد، بەڵام ڕەوتەکانی سەر بە ئێران هیچ دانیان پێدا نەنا، بەڵکوو ڕایان گەیاند کە ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ حکوومەت کراوە نەک پەرلەمان. پەرلەمان ئەوەندە دەستی وەردایە بوودجەوە کە تەواو پێچەوانەی دەستوور و بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی بوون. جا لەبەر ئەوە ئێمە باشترە بڵێین ئەجێندای بیانی دژ بە هەرێم، چۆن دەڕوانێتە هەرێم؟ یان دەکرێ بپرسین، ئایا گوشارەکانی حکوومەتی عێراقی و پەرلەمانەکەی کە ئەجێندای بیانیی بەسەرییەوە زاڵە، هیچ سنوورێکی دیاری هەیە؟ دیارە وەڵامەکە "نەخێر"ە، بەڵام دەکرێ بڵێین: ئایا تا کوێ گوشارەکان بەردەوام دەبن؟ وەڵامەکە پەیوەندیدارە بە بەدیهاتنی ئامانجەکانیان. کەواتە دەتوانین بڵێین کە گوشارەکان بەردەوام دەبن تا هاتنەدیی ئەم ئامانجانەی خوارەوە، هەندێ لە ڕوخسارەکانیشی بەم شێوەیەن:

- گەمارۆدانی هەرێم لە هەموو لایەکەوە؛ تا بەناچاری هەرێم خۆی ڕادەستی بەغدا بکا، بەڵام بەو مەرجانەی کە بەغدا دەیەوێ، نەک ڕێککەوتنی دوولایەنە.
- دروستکردنی هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان کە حکوومەتی هەرێم هەژموونی تەواوی بەسەریاندا نییە؛ دواتریش تەمویلکردنیان تا کاتی پێویست و گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ ناو دوو لایەنەکەی هەرێم.
- لەقاڵبدانی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم.
- مامەڵەنەکردن لەگەڵ ئەو وەفدە حکوومییانەی کە یەکێتیی نیشتمانییان لەگەڵدا نییە؛ بەپێچەوانەیشەوە دروستە.
- شێوازی تێپەڕاندن و نەخوێندنەوە؛ بەوەی وەفدێکی حکوومەتی هەرێم بۆ هەستیارترین بابەت دەچێتە بەغدا، بەڵام لەگەڵیدا ڕێك ناکەون، کەچی نوێنەری یەکێک لەو دوو لایەنە بەرچاوەی

پرۆسەی سیاسیی هەرێم بچێتە بەغدا، بەدەستبەتاڵی نایێنرنەوە؛ ئەوەیش بۆ زیاتر کەلێنخستنە ناو یەکڕیزیی کوردەوە و نانەوەی ئاژاوە.

- پشتیوانیکردنی ناڕاستەوخۆی هەر ئاژاوەیەك لە هەرێم کە بکەوێتەوە؛ ئەویش لەپێناو ناشرینکردنی حکوومەتی هەرێم، دواتریش وێناکردنی هەرێم بەوەی سەرچاوەی ناسەقامگیری و ئاژاوەی عێراقە.
- هەوڵدان بۆ نانەوەی شەڕی ناوخۆ لە نێوان دوو لایەنە سەرەکییەکەی حکوومەتی هەرێم؛ بەڵام ئەم قۆناغە نزیک نییە، گەرچی ئەوەندەیش دوور نییە؛ تەنیا ئەوەندە نەبێ، دەبێ لایەنی بەرامبەر پتەو بکرێ و ڕێک بخرێتەوە و هێز و دارایی تەواوی بخرێتە ژێر ڕکێفییەوە.
- کارکردن لەسەر نەهێشتنی ڕوخسار و پرەنسیپەکانی فیدراڵییەت؛ ئەمەیش لە ڕێگەی ڕێوشوێنە کارگێڕی و بڕیار و یاساکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی و مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم وەک پارێزگاکان و لێسەندنەوەی دۆسیەی نەوت و هتد.
- دوا قۆناغیش لەباربردنی هەرێمە؛ ئەودەم ئەو ئەجێندایەی کە لە شازدەی ئۆکتۆبەر جێبەجێ کرا، خراپتر دووبارە دەبێتەوە- ئەوەی کە پێی بڵێی سیمای کورد بە هەرێمی کوردستانەوە ناهێڵن. ئەو قۆناغەیش نەک هەر نەمانی حکوومەتی هەرێمە-هەروەک هەندێ لایەنی دۆستی ئەوان ئاواتی بۆ دەخوازن-، بەڵکوو نەمانی پرسی کوردیشە لە عێراق. دەبێ وا بژی کە لەگەڵ مەرج و وەسفەکانی ئەوان بۆ هاووڵاتیبوون یەک دەگرێتەوە، دەنا شوێنت ئێرە نابێ. ئەمەیش ئەو مەترسییەکە، کە دەبێ سەرکردایەتیی کورد خەمی لێ بخوات.

**ئایا هەڵبژاردنی پارێزگاکان شانسێك بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی تێدایە؟**

دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین ئەگەر هات و: کار لەسەر ئەوە کرا کورد بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تر پشتیوانیی ئەو کاندیدانەی کرد کە سوود بە کورد و سوننە دەگەیەنن لە هەر چوار پارێزگاکانی کەرکووک و مووسڵ و سەڵاحەددین و دیالە، ڕێگرییش بکرێ لە دەرچوونی ئەو کاندیدانەی کە لەو چوار پارێزگایە سەنگەریان لە سوننە و هەرێمی کوردستان گرتووە، بۆ پارێزگاکانی تریش جۆرێک لە هەماهەنگی لەگەڵ ڕەوتی سەدر پێویستە تا کاندیدە سەربەخۆکان لە سوننە و شیعە دەربچن، جەختکردنەوە و کردنە دروشمی پەیامی مەزڵوومییەتی کورد و سوننە لە عێراق (پێویستە بۆ سەرخستنی ئەو ڕەوشە لە سیاسەت پشتیوانیی "مەرجەعییەتی سیستانی" هەبێت تا بەدەم داواکاری و پەیامی مەزڵوومییەتی سوننە و کوردەوە بێت لە عێراق)، لە کۆتاییشدا دەبێ دروشمی کاندیدانی سوننە و پارێزگاکانیان، جەختکردن بێت لەسەر دژایەتیی پەراوێزخستن و نادادپەروەری و هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵ بۆ سوننەکان، چونکە تاکە هۆکار بۆ مانەوەیان فیدراڵییەتە و هیچی تر.

**لە کۆتاییدا بۆ دەربازبوون لەو گوشارانە، دەبێ حکوومەتی هەرێم جەخت بکاتەوە لەسەر:**

- یەکڕیزی؛ چونکە تاکە چارەسەری ناکۆکییەکان بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتییە باڵاکانی خەڵکە و، تاکە هۆکاریش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە یەکڕیزییە.
- فیدراڵییەت و جێبەجێکردنی دەستوور و شایستە دەستوورییەکان.
- جێبەجێکردنی بوودجە وەک خۆی.
- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ سەرپەرشتیکردنی چۆنێتیی دابەشکردنی بوودجە لە هەرێم؛ ئەویش بە

بەشداریی تەواوی لایەنە سیاسییەکان، تا بیانووی پارەدارکردن (تەمویل)ی پارێزگاکان بۆ بەغدا نەمێنێتەوە و ئەوەی کە داوایشی بکات، دەرچوونە لە ڕێزی نیشتمان و نەتەوە، بەڵام دەبێ هەمووان لەو دادپەروەرییە ئاگادار و بەشدار بن.

- زیادکردنی دۆست لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.
- دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و گەیشتنە ئەنجام؛ چونکە پارسەنگی هەموو کارەکانی بەغدا لای ئەوە.
- هەوڵدان بۆ بەردەوامی و زیاتر پەیداکردنی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی.
- پێویستە سەرۆکایەتیی هەرێم وەك "مەرجەعییەتی سیاسی" بمێنێتەوە؛ وەک دامەزراوەیەکی شەرعیی هەرێمی کوردستان و ئەرکی تایبەتی خۆی بەجێ بگەیەنێ.
- جووڵەی دیپلۆماسیی بەردەوام لەسەر ئاستی هەرێم و بەغدا و ناوچەکە و دونیا؛ ئەویش هەر یەکەو بە مەبەستی خۆی، بەتایبەت لەسەر ئاستی هەرێم و بەغدا بە مەبەستی گەیشتنە ڕێککەوتن و خاوکردنەوەی هاوکێشە زبرەکان و خۆلادان لە شەڕی بەغدا دژی هەرێم، چونکە ئێستا هەردوو لا لەو قۆناغە زۆر نزیک بوونەتەوە.
- زۆر گوشارنەخستنە سەر یەکێتیی نیشتمانی؛ چونکە قۆناغەکە پێویستی بە زەینییەتی بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم هەیە، بەتایبەت لە هاوبەشیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- کارکردنی جددیانە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
- کارکردنی جددی لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش بۆ کورد لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق؛ بەتایبەت لە پارێزگاکانی کەرکووک، مووسڵ، سەڵاحەددین و دیالە.
- ڕاکان جبووری" نوێنەری سوننە نییە؛ زەینییەتی بەعسیزمی هەیە. هەر بۆیە ناکرێ پشت لە" سوننە بکرێ.
- سەدر هەرگیز ناتوانێ ببێتە سۆفییەکی سیاسی؛ ئەو کەسێکی یاخیی سیاسیی مەزهەبییە. بوونی ڕایەڵە لەگەڵیدا کارێکی خراپ نییە بۆ هاوسەنگی.
- پێویستە سەرکردایەتیی کورد جارێکی تر نەخشەی سیاسی لەبێژەنگ بداتەوە و پەیوەندییەکانی دابڕێژێتەوە و بە ستراتیژییەتی خۆیدا بچێتەوە، تا بەرچاوڕوونتر بێت.